# عەرەبەکانی کەرکوک هەڕەشەی ڕفاندنی کورد دەکەن!

ڕۆژی گەل

ڕۆژی دووشەممە ١٢-٦-٢٠٠٧ سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە کە عەرەبی دانیشتووی کەرکوک هەڕەشەیان کردووە کە ئەگەر هێزەکانی کوردستان گیراوەکانی ئەوان لە زیندانەکانی خۆیاندا ئازاد نەکەن، ئەوان دەست بە ڕفاندنی کورد دەکەن.

بەگوێرەی هەواڵەکە سەرکردەکانی هۆزە عەرەبەکانی کەرکوک و دەوروبەری لە کۆبوونەوەیەکی خۆیاندا ڕاشکاوانە بە میدیاکانیان ڕاگەیاندووە کە ئەوان دژەکردار بەڕێوەدەبەن و لەمەوبەر دەست بەرفاندنی کوردان دەکەن!.

ئەحمەد حەمید یەکێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری عەرەبی لە دوای کۆبوونەوەکە بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە کە ئەوان بێدەنگ نابن و داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن تا بێن و لە نزیکەوە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لە ڕاستی ڕووداوەکان و ڕەوشی پارێزگای کەرکوکدا بکەن! ئەو پێیوایە کە کورد ستەم و چەوسانەوە دژ بە پێکهاتەکانی شارەکە بەڕێوە دەبات و دەیانرفێنن و لە زیندانەکانی کوردستاندا ئازادو ئەشکەنجەیان دەدەن!

لەوانەیە ئەمە وەک هەواڵێکی ئاسایی وەربگیرێ، بەڵام دەبێ بپرسین هەڕەشەکانی عەرەبی هاوردە سەرچاوەی لە چی گرتووە؟! ئایا ڕاستە هێزە کوردستانیەکان عەرەبەکان دەرفێنن و لە زیندانەکاندا ئازارو ئەشکەنجەیان دەدەن؟!

بەر لەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ئەم هەواڵە ئەو پەندە کوردیەمان وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ : تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی ڕاپێچی دادگە کرد! دەنا کێ بەو هات و هاوارەی ئەو سەرکردانەی عەرەب باوەڕ دەکات.

لەوەتەی عێراق بەو سنوورەی ئێستایەوە دروست کراوە هەمیشە عەرەب سەردەست بووە، هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکانی داوە، سیاسەتی بەعەرەبکردنی بەڕێوەبردووە، ئێستا سەرسەختانە درێژە بەو سیاسەتە دەدات، هەڵمەتی ترساندن و تۆقاندن بەڕێوەدەبات. ڕۆژانە کردەوەی خۆتەقاندنەوە ئەنجام دەدەن. دەست لە ژن و منداڵ ناپارێزن. تا ئێستا بە هەزاران کوردیان کوشتووە، سەدان کوردیان ڕفاندووە، ئازارو ئەشکەنجەیان داون و بە پارە ئازادیان کردوون، ئەوەی پارەیشی نەدابێ بەدڕندانەترین شێوە کوژراوە. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە کورد تۆمەتبار دەکەن و هەڕەشەی ڕفاندنی کوردان دەکەن!

شێخ عەبدولڕەحمان عاسی سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری عەرەبی پارێزگای کەرکوک بانگەشەی ئەوە دەکات کە ٢٥٠ عەرەب لە زیندانەکانی کوردستاندا ڕاگیراون! بەهۆی بێدەنگی حکومەتی بەغدادەوە ڕاونان و گرتنی عەرەب درێژەی پێدراوە!

ڕاگەیاندنەکانی کوردستان کە زۆربەیان لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانەوە بەڕێوەدەبردرێن و هاوکاری دەکرێن لەهەمبەر بانگەشەکانی ئەو عەرەبانە دا بێدەنگیان هەڵبژاردووەو ڕاستی ڕووداوەکان بۆ میدیاکانی جیهان و ڕای گشتی وڵاتان ئاشکرا ناکەن و پەردەپۆشی هەڕەشەی عەرەبە توندڕۆکان و بەرەی تورکمانی دەکەن. ئەمەش گرەوتین بەنەیاران دەدات تا لێبڕاوانەتر درێژە بە دژایەتی کوردان بدەن و هەڵمەتی کوشتن و ڕفاندن و خۆتەقاندنەوەکان درێژە پێبدەن. ئەگەر دەستەڵاتدارانی کوردستان گوشار لە حکومەتی بەغداد بکەن تا بەپێی یاسای پشتیوانی کردن لە توندو تیژی ئەو هەڕەشەچیانە ڕادەستی دادگە بکەن، ئەگەر بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان بە فەرمی بانگێهێشتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکەن، ئەوانیش ڕاستیەکان بۆ ڕای گشتی وڵاتەکانیان دەگوازنەوە، لەوانەیە بانگەشەو درۆکانی نەیاران بەتاڵ دەبنەوە، بەڵام کاتێک بێدەنگی لێدەکرێ هەم نەیاران و ڕەگەزپەرستان لەسەر بانگەشەکانیان سوورتر دەبن هەمیش میدیاکانی جیهان و ڕای گشتی وڵاتان وێنایەکی ناڕاستیان بۆ دروست دەبێ و پێیەوە گرفتار دەبن.

کوردستانیان دەزانن کە عەرەبە دەمارگیرەکان و بەرەی تورکمانی بەهاوکاری وڵاتانی عەرەبی و تورکیا هەوڵی گەورەکردنەوەی کێشەی کەرکوک دەدەن، بەڵام کاتێک کورد بۆ خۆی هاوهەنگی لەگەڵ ئەواندا دەکات و دەیەوێ نیاز و ویستی نەیاران سەربکەوێ، دەبێ هۆشیارانەتر ڕەفتار دەگەڵ ڕەوشەکەدا بکرێ.

کاتێک لایەنی کوردی بۆخۆی شان نزمی بۆ داواکانی ئەمریکاو وڵاتانی عەرەبی و تورکیا دەکات، دەبێ پەرۆشانەتر هەوڵەکانی خۆمان چڕ بکەینەوەو ڕێگری لە سەرخستنی پیلانی نەیاراندا بکەین. کاتێک بەهەڕەشەکانی دەوروبەر و لەبارنەبوونی ڕەوشی هەرێمایەتی و جیهانی دەمانترسێنن، دەبێ لێبڕاوانەتر و ڕاوەستاوانەتر پێداگری لەسەر ماف و ئازادیەکانی کوردستانیان بکەینەوەو نەهێڵین سازش و پیلانەکانی سەر کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە سەربگرێ.

ئایا دەکرێ هەمیشە کورد لەبەر هەڕەشە و گوڕەشەکانی دیتراندا شانزمی بنوێنێ ورەزامەندی لەسەر دواخستنی دۆسیەی کەرکوک بدات؟! ئایا دەمانەوێ لە چاوەڕوانی گۆدۆی کامە دەوڵەتدا بمێنینەوە؟!


ئەگەر کورد ڕاستوێژانە پەرۆشی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە، ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان نایەوێ خوێن و قوربانیەکانی کوردستانیان بەفیڕۆ بچێ، ئەگەر هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە چەمکی سیاسەت و هونەری دەکارکردنی تێبگەن، هیچ کاتێک لە ئێستا لەبارترو گونجاوتر و شیاوتر نیە. لەلایەکەوە عەربەکان لەنێو پەتای یەکتر کوشتندا دەتلێنەوە و شەڕی دەستەڵات دەکەن و هێزو توانای خۆیان بۆ گێڕانەوەو سەپاندنی دەستەڵات دەکار کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکا دەنێو قوڕو لیتەی زەلکاوەکانی عێراقدا گیری خواردووە، پێویستی بە چووکەترین فریادرەس هەیە، کەواتە ڕەوشەکە لە بەرژەوەندی خاوەنی ڕاستینی کەرکوک دایە. لەم کاتەدا کوردستانیان دەتوانن لەسەر دەرفەت پاز نەدەن و خۆیان بە سۆزو ترسی تراویلکەیی نەسپێرن و پەرۆش و وڵاتپارێزانە ڕەفتار لەگەڵ خودی کێشەکەدا بکەن.

ئێستا ڕەوشی کەرکوک وەک ئەو گوتەیەی لێهاتووە کە دەڵێ: **تا قونکی بزمارەکە دیارە دەری بێنە، دەنا ئەگەر ختم بوو نادۆزرێتەوە!** هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەگەر جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بە دەردی برگەی ٥٨ بەرین، ئەگەر دیسان بە بیانووی لەبارنەبوونی ڕەوش و هەڕەشەکانی دەوروبەر پێ لە خواستەکانی خۆمان بخشینین، ئەگەر لەژێر پاساوی ڕەچاوکردنی خواست و داواکانی ئەمریکا بیر لە دواخستنی بەڕێوەبردنی ریفەراندۆم بکەینەوە، ئەوا قونکی دۆسیەی کەرکوک نوقم دەبێ ، چونکە ئەگەر بەغداد خۆی گرتەوە، ، ئەگەر تورکیاو وڵاتانی عەرەبی هاوپەیمانێتی دژ بە کوردستانیان پێکهێنا، ئەگەر ئەمریکا لەژێر قەیرانەکاندا هەڵسایەوە ئیدی هێنانە گۆڕێی دۆسیەو کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە لە گریانی سەر تەرمێک دەچن نەک هەوڵدان بۆ تیمارکردنی برینداریێک. ئێستا برینەکانی کەرکوک خوێنیان لێدەچۆڕی و پێویستیان بە تیمارکردن هەیە، ئەگەر ئەو خوێنبەربوونە ڕانەگرین هەموو کێشەکەمان لەکیس دەچێ و تەنیا پەشیمانیمان بۆ دەمێنێتەوە.




# سێ شەڕە ناوخۆییەکەی ناوچەکە دەستیان پێکردووە، ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەرەو وێرانکاری دەبەن

سالم عەلی حەیدەر



ڕۆژی ٢٠-٥-٢٠٠٧ شەڕی فەتحولئیسلام لە کۆمەڵگەی نەهرولبارید دژ بە سوپای لبنان دەستی پێکرد، ڕۆژی ١٣-٦-٢٠٠٧ تەقینەوەیەکی بەهێز خۆرئاوای بەیروتی هەژاندو ئەندام پەرلەمانێکی لبنانی کوشت و دەیانی دیکەشی کوشت و بریندار کرد. هەر ئەو ڕۆژە کڵپەی ئاگری شەڕی نێوان بزاڤی فەتح و حەماسیش لە فەلەستین گەشتربۆوە، لەهەمان ڕۆژدا هەردوو مەزارگەی ئیمامی شیعەکان لە سامەڕا بۆ جاری دووەم تەقێندرانەوە، هەندێ گروپی چەکداری شیعەکانیش لە شاری بەسرە پەلاماری هەندێ مزگەوتی سوننەکانیان داو ئاگریان تێبەردان. حکومەتی مالکی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی بە تەقاندنەوەی مەزارە پیرۆزەکانی شیعەکان تۆمەتبارکرد، کەچی دەستەی زانایانی موسڵمانانی سوننە هەندێ دامودەزگەی حکومەتی مالکیان بە دەست هەبوون لە هێرشکردنە سەر مزگەوتی سوونەکان تۆمەتبارکرد، ئیدی بەوهۆیەوە شەڕی مەزهەبی لە عێراق بەرەو ئاقارێکی فراوانتر ڕۆیشت. بێگومان کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆڵی باڵای لە خۆشکردنی هەر سێ شەڕەکەدا هەبووەو هەیە.

لە دەستپێکی شەڕی فەتحولئیسلامدا ئەمریکا ئامادەیی خۆی پیشانداو هاوکاریەکانی خۆی بۆ سوپای لبنان ڕەوانەکرد. لە شەڕی نێوان بزووتنەوەی فەتح و حەماسیشد ئەمریکا پێشنیاری کرد کە ئیسرائیل هاوکاری فەتح بکات و بزاڤی حەماس لەناو ببات. بەر لە دووبارە تەقاندنەوەی مەزاری شیعەکان لە سامەڕا سوپای ئەمریکا هەندێ گروپی سوننەی عێراقی بەبیانۆی ئەوەی بڕیاریان داوە شەڕی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بکەن، پڕ چەک کرد، بەوهۆیەوە تێوەگلانی ئەمریکا لەهەر سێ شەڕەکەدا شاراوە نیە، بەڵام جێگەی نیگەرانیە کە لەهەموو ئەو شەڕە نێوخۆیانەدا خەڵکی سڤیل دەبنە قوربانی سەرەکی و زۆرتر زیانیان پێدەکەوێ.

حکومەتی لبنان بەهۆی تەنگژەی ئۆپۆزیسیۆن، دۆسیەی تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری و هەڕەشەکانی ئیسرائیل لە ڕەوشێکی ئاوارتەو نادیاردا بەسەر دەبات، زەقکردنەوەی کێشەی فەتحولئیسلام و جوندی شام لە ئۆردوگەکانی ئەو وڵاتەدا ناکرێ بە ڕێککەوت و سەرپێیانە سەیریان بکرێ. هەروەها قوڵکردنەوەی تەنگژەکانی نێوان بزووتنەوەی فەتح بە سەرۆکایەتی مەحمود عەباسی سەرۆکی دەستەڵاتی فەلەستین و بزووتنەوەی حەماس بە سەرۆکایەتی ئیسماعیل هەنیەی سەرۆکوەزیرانی فەلەستین گەواهی ئەو ڕاستیە دەدات کە دەستی دەرەکی لە نێوخۆی فەلەستیندا کارسازە، لەپشتی پەردەوە هێزە نەیارەکان دەجولێنێ و بەرە شەڕی نێوەخۆ تاویان دەدات. فراوانبوونی شەڕی نێوەخۆو قوڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانێی نێوان فەتح و حەماس لەبەرژەوەندی ئیسرائیل دایە کە ئێستا ئەویش بە هۆی دۆڕاندنی شەڕ لەگەڵ حزبوڵڵادا لە ڕەوشیکی ئاوارتەدا دەژی، ئەیهود ئۆلمێرتی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی دەکات.

قەیرانەکانی نێوان فەتح و حەماس لە دەست تێوەردانی دەزگەی سیخوڕی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی و ئەمریک و بەریتانیاوە سەرچاوەی گرتووە. لەلایەکەوە ئەمریکاو ئیسرائیل و بەریتانیاو عەرەبستانی سعودی و میسر ڕاشکاوانە پشتیوانی لە فەتح و مەحمود عەباس دەکەن، هەرچی بزووتنەوەی حەماس و خالید مەشعەلی بەرپرسی مەکتەبی سیاسی و جێگرەکەی نایشارنەوە کە پێوەندی پتەویان لەگەڵ سوریادا هەیە، لەترسی هەڕەشەکانی ئیسرائیل پەنایان بۆ ئەوێ بردووە. کەواتە چاوەڕوانی هێوربوونەوەی خێرای لێناکرێ، ئەگەر هەوڵی عەرەبی و نێودەوڵەتیش بدرێ لەوانەیە لە ڕێککەوتنی ڕیاز تەمەن درێژتر نابێ.

هەندێ لە چاودێرانی سیاسی شەڕی نێوان فەتح و حەماس بە شەڕی شاراوەی نێوان سوریاو سعودیە ناودەبەن. هەرچی سوریایە پشتیوانی لە حەماس دەکات و سعودیەش ڕاشکاوانە لە خەمی سەرخستنی فەتح دایە. بەهۆیەوە داهاتووی ئەو کێشەیە لەنێو گەردەلوولی خۆڵاوی بیاباندایە. زۆرێک لە دەوڵەتانی ئەوروپا باڵی سەربازی حەماس بە سەرچاوەی تەنگژەو کێشەکان دادەنێن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو باڵە مەبەستی کۆدێتای هەیە، لە بەرانبەردا ئەوانیش فەتح بە هاودەستی و ناپاکی لەگەڵ ئیسرائیل تۆمەتبار دەکەن. ڕاستکردنەوەی ئەو کێشەیە سەخت و دژوار بووە.

پەرەسەندنی شەڕی مەزهەبی لە عێراق لە سنووری چاوەڕوانی تێپەڕی کردووە، بەڵام سەرکردەکانی عێراق سیمرخ ئاسا ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن. نایانەوێ دان بە ڕاستیەکاندا بنێن، بەوهۆیەوە لە چاوگەی ڕاستینی چارەسەرکردنی کێشەو تەنگژەکان دوور دەکەونەوە. هەردوو لایەنی سوننەو شیعە بە پشتیوانی دەرەکی و بە ئامانجی مسۆگەرکردنی کورسی دەستەڵات و پاوانکردنی وڵات یاری پەتکێشان بەڕێوەدەبەن. ئەمریکاش بۆ شاردنەوەی شکستەکانی خۆی هەوڵدەدات دەستی لە هەردوو سەری پەتەکە بەرنەبێ.

بێگومان چارەسەرنەکردنی کێشەکانی ناوخۆی لبنان و فەلەستین و عێراق ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەرەو کارەساتێکی گەورەی مرۆیی دەبات. لەوانەیە ئەمریکا و وڵاتانی زلهێز و هاوڕێکەکان بۆ کۆپاککردنی کێشەکانی نێوانیان هاوکاری و پشتیوانی کردنی خۆیان بۆ لایەنە نەیارەکان بەرفراوانتر بکەنەوە. بەنزین بە ئاگری شەڕەکان دا بکەن

سەیر لەوەدایە کە هەرسێ شەڕەکە لە پەنای ئایین و دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان بەڕێوەدەچن. فەتحولئیسلام دەیەوێ ئیماراتێکی ئیسلامی لە باکوری لبنان دابمەزرێنێ، حکومەتی لبنان بەبیانۆی هەبوونی مەترسی لەسەر دوارۆژی مەسیحیەکان هەڵپەی بنبڕکردنی فەتحولئیسلام دەدات.

بزووتنەوەی حەماس جەخت لەسەر ئیسلامبوونی خۆی و پاراستنی قودسی موسڵمانان دەکاتەوەو بزووتنەوەی فەتح بە سازشکارو ناپاک دادەنێ، بەڵام بزووتنەوەی فەتح خۆی بە دڵسۆزتر و لەپێشتر بۆ کێشەی فەلەستین دادەنێ و بزووتنەوەی حەماس بە ئاژاوەگێرو کرێگرتەی دەرەکی تۆمەتبار دەکات.

شیعەکانی عێراق گروپە سوننە توندڕۆکان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بە دوژمنی سەرسەختی ئیسلام دادەنێن و بە هەڵگیرسێنەری شەڕی نێوان موسڵمانان تۆمەتباریان دەکەن، هەرچی سوننەکانیش زۆرینەی هێزە شیعیەکان و حکومەتی مالکی بە دۆست و هاوپەیمانی ئێران تۆمەتبار دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئینتیمای ئێرانی بوونیان لە سەرووی عەرەبی بوونیانەوەیە. ئیدی کوشتن و ڕفاندن و وێرانکردنی مەزارگەی شیعەکان بە کارێکی ڕەوا دادەنێن و سڵی لێناکەنەوە.

ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەهۆی تەنگژەو کێشە ناوخۆیەکانی لبنان و فەلەستین و عێراق لە لێوای شەڕێکی کاولکارییدا گیرساوەتەوە، ئەگەر دڵسۆزانە بەریان لێنەگیرێ داهاتووی هەمووان تاریک دەبێ.